# هەڵەبجە سونبوڵي گەلێکي ستەمديدەيە يان ئاوێکە بۆ بەکارهێنان

**خالید عەلی فەرەج ـ سوید**



من خۆم هەڵەبجەییم و لەوێ لەدایك بووم و تەمەنێکیشم هەر لەو شارە بەسەر بردووە کەهەڵەبجە لەو ڕۆژگارەدا وەکو مۆمی درەوشاوەی خەباتی گەلەکەمان ڕەنگی خۆی هەبوو تەمەنی لاوێتیم تیا بەسەر بردووە و پێشمەرگایەتی و ڕێکخستنم تیا کردووە، هەربۆیە لەناخەوە خۆم بەهەڵەبجەیی دەزانم و ئازاری هەڵەبجەییەك وەك ئازاری خۆم هەستی پێ دەکەم.

لە مێژووی خەباتی گەلەکەماندا و سەرەتای سەرهەڵدانی هەموو شەپۆلێکی خەبات هەڵەبجە یان دەست پێش خەر بووە یان گورزی کاریگەری بەرکەوتووە، ئەوەیش تەنیا لە هەڵوێستی جوامێرانە و ئازایەتی و دڵسۆزی دانیشتوانەکەیەوە بووە. نزیکی لە سنووریشەوە فەرامۆش ناکرێت و بگرە زۆربەی حیزب و لایەنەکان هەر لە هەڵەبجەوە یان سەری هەڵداوە یان بەهێزکراوە، من نامەوێت شیعرێك بۆ هەڵەبجە بنوسم یان تەنیا وەك ڕەمزێك یادی بکەمەوە نامەوێت هەڵەبجە تەنیا وەك گۆرانیەك بەکار بهێنم کە هەستێکی کاتیم ببزوێنێت، بەڵکو دەمەوێت بیکەمە سونبوڵ و هێمای ئازاری گەلێك و بیکەمە یادێکی نەبڕاوەی شەهید کردنی مرۆڤ و کەسانی بێ پشتیوان.

ڕاستە کە کاریگەریترین کارەسات ڕۆژی ١٦ / ٣ / ١٩٨٨ بوو کە فڕۆکەکانی زوڵم و دیکتاتۆریەتی سەردەستە نەتەوەپەرستەکانی بەعس بە چەکی کیمیاوی شارەکەیان خنکاند، بەڵام لە پێش ئەو ڕۆژەیشەوە چەند جارێکی تر وێرانکراوە و گورزی کوشندەی بەرکەوتووە و تەنیا بەهۆی نەبوونی پشتیوانی و بێ کەسییەوە کەمتر باس دەکرێت، ڕەنگ بێت مێژوو لەیادی بێت کە لەلایەن ئینگلیزەکانەوە لەکاتی سەرکوتکردنی حکومەتە ساواکەی شێخ مەحمووددا بۆمبابارانیان کرد و مێژوو بێوەفا دەبێت ئەگەر زەعیم سدیق و هێرشە دڕندانەییەکەیی بۆ سەر هەڵەبجە لەلاپەڕەکانی خۆیدا وون بکات کە هەڵەبجەییەکان هەروەك دایکم بۆی دەگێڕامەوە لەناوەڕاستی شاردا دەبوون بەژێر تایەو زنجیری دەبابەکانی زوڵم و زۆردارەکانی ئەو دەمەی نەتەوەپەرستەکانی سەردەستە. من خۆم لەیادمە لە١٩٧٤ دا کە ماڵمان لە چوارباخ بوو لەسلێمانی و باوکم هاتەوە و زۆر شپرزە بوو و بەدایکمی ووت هەڵەبجەیان بۆردومان کردووە و هاوار و قیژەی دایکم منیشی خستە گریان و دەمویست وەك ئەو بگریم بەڵام نەمدەتوانی یان نەمدەزانی چونکە تەمەنم کەم بوو و کاتێکیش بۆ بەیانی چووین بو هەڵەبجە بەچاوی خۆم بینیم چاڵێکی گەورە لەبەردەم باخی گشتیدایە کە جێگەی ناپاڵم بوو و ئاوی تیابوو و نابێت و ناکرێ کەمێژوو لەیادی نەبێت کە پتر لە ٧٠ کەس شەهید بوون و ماڵ و حاڵیشیان وێرانکرا. بۆ دوا جاریش لە بەهاری ٨٨ دا شەهید کرا، پاش چەند جار بریندار بوون وەك پێشمەرگەیەکی قارەمانی گەلەکەمان بەڵام جیاوازیەکەی تەنیا ئەوەبوو کە هەڵەبجە پێشمەرگەی هەموو حیزبەکان بووە نەك تەنیا یەك حیزب و یەك بۆچوون هەربۆیە هەمووومان بە هەموو لایەنێکەوە قەرزاری هەڵەبجەین و بەرهەمی ئێستامان بەبێ هەڵەبجە نەدەبینرا، خەباتی گەلەکەمان بەبێ هەڵەبجە پێگەی نەدەبوو، کەواتە با تەنیا وەك بیرکردنەوەیەك نەبێت کە لە کاتێك و ساتێکی

دیارب كراودا سەردانی بكەین كە هەستی خاوەن شەهید و دایك و باوك و خوشك و برایانی شەهیدان بكولێنینەوە و وا نەزانرێت كە تەنیا هۆیەكی گیرفان پڕ كردنە. ئێمە گەلێكین كە وەفادارین با بیسەلمێنین و تەنیا لە هەڵەبجەوە بۆ هەموو لایەك دەردەكەوێت كە خزمەتی خۆمان دەكەین من چی بكەم لە مۆمێك كە تەنیا لە كاتی شەهیدكردنیدا داییگرسێنن من نامەوێت تەنیا بۆ برین كولاندنەوە یادی شارەكەم بكرێتەوە، هەرچەندە دڵنیام كە لایەنە سیاسیەكانی كوردستانیش دەیانەوێت خزمەت بكەن بەڵام خزمەتی ڕاستەوخۆ و خێرامان دەوێت. من برام شەهید بوو لەوێ دایكم بریندار و پەككەوتەی كیمیاوی بوو تا شەهیدیش بوو نەیدەتوانی بەئاسانی هەناسە بدات. یادم ناوێت كە تەنیا ئازارم بیر بهێننەوە یادێكم دەوێت كە ببێتە سونبوڵی خەباتی گەلەكەم، باڕازاوە بێت هەڵەبجە، با سەربەرز بێت هەڵەبجە، با بژی هەڵەبجە..

khaledfaraj@hotmail.com